گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# دەرکەوتن و گەشەسەندنی خەتی کوفی لەسەر گلێنە لەسەردەمی عەبباسی

# (توێژینەوەیەکی شیکاریە)

**د. ئاوات ابراهیم خضر**
بەشی شوێنەوار، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
Awat.khudur@su.edu.krd

**د. محمد قادر اسماعیل**
بەشی شوێنەوار، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
mohammed.ismail@su.edu.krd

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن:٢٠٢٤/٢/١
پەسەندکردن:٢٠٢٤/٣/٣
بڵاو کردنەوە:هاوین ٢٠٢٥

**ووشە سەرەکییەکان**
*Kufic calligraphy, pottery, simple Kufic calligraphy, Kufic calligraphy with triangular arrows, leafy Kufic calligraphy.*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.10.2.2

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی (دەرکەوتن و گەشەسەندنی خەتی کوفی لەسەر گلێنە لەسەردەمی عەبباسیدا)یە، تێیدا باسی کورتەیەکی مێژوویی لەبارەی جۆرەکانی نووسین و خەتمان لەسەرەتاکانی سەردەمی ئیسلامدا کردووەو ئاماژەمان بەسەرچاوەی دروست بوونی دوو شێوازی سەرەکی خەت کردووە، کەیەکێکیان خەتی ووشکە و ئەوەیتریان خەتی نەرمە. و دواتر تیشکمان خستووەتە سەر کورتەیەك لەبارەی مێژووی دەرکەوتنی خەتی کوفی بەستنەوەی ئەو خەتە بەشاری کوفەو ڕاست کردنەوەی ئەو هەڵەیەی لەبارەی سەرچاوەگرتنی ئەو خەتە کە لەلایەن بەشێک لە توێژەرانەوە ئاماژەی پێ دەکرێت، و مێژوو و هۆکاری دەرکەوتنی ئەو خەتە لەسەر گلێنەدا هەرچەندە لەسەرەتای بەکارهێنانیدا بەمەبەستی گەیاندنی پەیامێک بوو بەڵام دواتر هەر لەسەردەمی عەباسیدا بووە هۆکارێکی ڕازاندنەوەی گرنگ و هاوشانی ڕەگەزەکانی تر بەکارهات،

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەروەها باســـمان لە جۆرەکانی خەتی کوفی بەکارهاتوو کردووە لەســـەر نموونەی هەڵبژێردراو بەپێی قۆناغەکانی گەشـــەســـەندنی لەســـەردەمی عەبباســـیدا، کە پێنج قۆناغی ســـەرەکی ئەو گەشـــەســـەندنەمان ڕوون کردۆتەوە، بە پشت بەستن بە نموونەی گلێنەی دروستکراوی ئەو سەردەمە کە ژمـارەیـان (٨) گلێنـەن، وە لە گرنگترین دەســـتکەوتی توێژینەوەکە دیاریکردنی قۆناغی خەتی کوفی ســـەرســـێگۆشـــەییە و جیاکرنەوەیەتی لەگەڵ کوفی ســـادەو گەڵادار کە زۆرکات بەهەڵەوە دەناســـێنرێت لەلایەن توێژەرانەوە، هەروەها دەســـتنیشـــانکردنی قۆناغی کوفی گەڵادار بە دوو قۆناغی ســـەرەتایی و پێشـــکەوتوو بۆ یەکلاکردنەوەی ئەو تێکەڵیەی کە لەناســـاندنی کوفی گەڵاداری ســـەرەتایی دروســـت دەبوو بەناوی کوفی ســـەرســـێگۆشـــەیی یـاخود ڕێـک یـاخود هەر نـاوێکی تر بێـت. لـەگـەڵ ئامادەکردنی خشتەیەك بۆ هێڵکاری پیتەکان بۆ بەراوردکردنی هەر جۆرێك لەجۆرەکانی خەتی کوفی بەمەبەســـتی زیاتر ڕوون کردنەوەی شـــێوازو قۆناغی پێشـــکەوتن و گۆڕانکاری لە شـــێوەی پیتەکان بەپێی جۆری خەتی کوفی و بەسوود وەرگرتن لەو پیتانەی کەلە دەقی سەر گلێنەی نموونەکاندا هەن، هەرچەند گلێنە هێماو دروشم نەبوو بۆ سەردەم و دەسەڵاتی ئەو کاتە وەک پارە یا دامەزراوە یاخود نووسراوی دەسەڵات تاوەکو گرنگترین جۆری داهێنراوی خەتی لەسەر جێ بەجێ بکرێت، بەڵام حەزو خواستی گلێنەساز وایکرد کە گلێنە بێ بەش نەبێت لەو پێشـکەتن وگۆڕانکاریەی لەنووسـیندا کرا، ئەگەرچی بەهەمان خێرایی بوارەکانی تر جۆرەکانی خەتی داهێنراوی لەســـەر جێ بەجێ نەکراوە، بەڵام گەیشـــتینە ئەو ئەنجامەی کە گۆڕانکاری خەتی کوفی لەسەر گلێنەی سەردەمی عەباسی لەنێوان سەدەی (2-4ک/8-10ز)جێ بەجێ کراوە. ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە وەك پێویســـتیەکی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نێو پسپۆرانی ئەو بوارەیە بەتایبەتی نووسینی کوفی لەسەر گلێنە و ناسینەوەی جۆرەکانی خەت و سەردەمی دەرکەوتنی هەرجۆرێك لەو جۆرانە لەسەر گلێنەدا کە بۆ یەکەمجارە توێژینەوەیەک بەزمانی کوردی لەو بارەیەوە ئەنجام بدرێت.

## 1- پێشەکی:

گڵێنە بە یەکێك لە گرینگترین داهێنانەکانی کاری دەستی وهونەری دادەنرێت کە هەر لە ناوەراستی سەردەمی بەردینی نویٓ(٧٠٠٠پ.ز) بووە جێگرەوەی کەلوپەلی بەردی کە سەدان هەزار ساڵ بوو مرۆڤ بەکاری دەهێنا بۆ دروستکردنی کەلوپەلی پێداویستی ژیانی ڕۆژانە لە گۆزە وقاپ ومەنجەڵ وپەرداخ...هتد. هەر لەو کاتەوە ولەسەردەمە یەک بەدوایەکەکانی تری مێژوویی بەپێی شوێن وسەردەم وبیروباوەڕی ئاینی گلێنەسازان وهونەرمەندان وەک ڕوبەرێکی نویٓ و گونجاو چەندین نەخش ونیگاری ئەندازەیی و ڕووەکی و مرۆیي و ئاژەڵی و نوسینیان لەسەر کردووە و بەچەندین ڕەنگی جۆراوجۆر ڕازاندویانەتەوە، هەر ئەوەندەش نا، بەڵکو هەر لەسەردەمی ئاشوری ناوەڕاستەوە(1521-911پ.ز) مرۆڤ توانیویەتی گلێنە بە شوشە رووپۆش بکات بەمەبەستی هەڵگرتنی پێداویستی پزیشکی و جوانکاری، وە ئەم هونەرەش لە سەردەمی ئیسلامی گەیشتە ئەوپەڕی بەرەو پێشچوون و داهێنان. هەروەها گڵێنەسازی مووسڵمان هەر لەسەرەتای دەرکەوتنی ئیسلامەوە بەرەو پێشچوونی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی بە تایبەتی لەدوای فەتح کردنی مووسڵمانەکان بۆ ناوچەکانی عێراق وئێران و شام ومصر، چونکە لەسەرەتادا گڵێنەسازە مووسڵمانەکان لاسایی گڵێنەکانی سەردەمی پێش خۆیان کردۆتەوە لەگەڵ بوونی هەندێك گۆرانکاری لەنەخش و زەخرەفە لەسەردەمی ئومەویەکاندا (132-41ک/662-750ز)، بەڵام لەسەردەمی عەباسیدا(132-656 ك/750-1258ز))لەماوەی سەدەکانی (2-4ک/ 8-10ز) بەتایبەتی لەشارەکانی

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سامەڕا و کوفە وبەصرە دا پیشەسازی گلێنە پێشکەوتنی زۆری بەخۆیەوە بینی لەڕووی تەکنیکی دروست کردن و نەخش و زەخرەفەوە، چەندین جۆری جیاواز لە گلێنە دۆزراونەتەوە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی عەباسی. دەرکەوتووە پیشەسازیەکەی زۆر پێشکەوتوو بووە کە لەپێشووتر هاوشێوەی نەبووە و گلێنەکانیان بەنەخش و زەخرەفەی جۆراوجۆر ڕازاندۆتەوە لەوانە (ڕووەکی، ئەندازەیی، وێنەی ئاژەڵی و مرۆڤی) لەپاڵ ئەم تەکنیک و زەخرەفانە گلێنەسازی سەردەمی عەباسی هەستاون بە بەکارهێنانی نووسین بەجۆری خەتی جیاوازلەوانە؛ خەتی ثلث و خەتی کوفی بەزۆربەی جۆرەکانیەوە، وەکو زەخرەفەیەکی جوانکاری بۆسەر ڕووی گلێنەکانیان.

زەخرەفەی نووسین ڕۆلێکی گرینگ و بەرچاوی هەبووە لەهونەری ئیسلامیدا، کە سەلیقە و توانا و لێهاتووی هونەرمەندی مووسڵمان بەدەردەخات ئەمەو سەرەڕای بە پیرۆز تێرامانی هونەرمەند بۆ ئەو بوارە، لەبەر ئەوەی خودای گەورە سوێندی پێ خواردووە هەروەك لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرمووێت {ن وَالْقَلَمِ وَمَا يَسْطُرُونَ} (سورةالقلم: الاية1)، جگە لەمە پیتەکانی زمانی عەرەبی هاوکار و تایبەتمەندە بەشێوازی لاستیکی و دەتوانرێت جووڵە بە پیتەکانی بکرێت، هەروەها شێوەی ستوونی و ئاسۆیی وکەوانەیی تێدایە، بەم شێوەیە زۆر گونجاوە بۆ بەکارهێنانی وەکو زەخرەفە. هونەرمەندی مووسڵمان هەستاوە بەڕازاندنەوەی پیتەکان وەکو زەخرەفە بەکاریان هێناوە لەهونەری ئیسلامی بەتایبەتی لەسەر گلێنەدا، ئەم نووسینانەش چەندین بابەتی جۆراو جۆر لە خۆ دەگرێت وەك: نووسینی ئایەتی قورئانی پیرۆز و فەرموودەی پێغەمبەر(دروودی خودای لەسەربێت) هەروەها نووسینی پەندی پێشینان و بەیتی شیعرو نزاو پاڕانەوە. لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك لەم نووسینانەی لەسەر گلێنەی سەردەمی عەباسیدا نووسراوە هەڵەی زمانەوانی تێداکراوە لەبەر ئەوەی هەندێك جار گلێنەساز نەخوێندەوار بووە یان نەیتوانیوە بەشێوەیەکی ڕاست و دروست نووسینەکان بنەخشێنێت لەسەر گلێنە یاخود هەستاون بە ڕیزکردنی چەند پیتێکی عەرەبی بەشێوەیەکی دووبارە تەنها مەبەستی لە ڕازاندنەوەی گلێنەکە بووە و حەزی هاوشانی بوونی گلێنەساز لەگەڵ پیشەکانی تری ئەو

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەردەمە کە نووسین یەکێک بووە لەکەرەستە گرنگ و باوەکانی ڕازاندنەوە لەو سەردەمەدا لەهەموو بوارەکاندا.

هەڵبژاردنی بابەتی ئەو توێژینەوەیە بەناونیشانی (دەرکەوتن و گەشەسەندنی خەتی کوفی لەسەر گلێنە لەسەردەمی عەبباسیدا (توێژینەوەیەکی شیکاریە) لەبەر گرنگی بابەتەکە و نەبوونی توێژینەوەیەکی زانستی لەبارەی قۆناغی گۆڕانی خەتی کوفی لەسەر گلێنە لەو سەردەمە بوو. بەتایبەتی بەزمانی کوردی.

وە لەگرنگترین ئەو سەرچاوانەی کەپشتمان پێی بەستووە لە ئەنجامدانی توێژینەوەکە بریتیە لە کتێبی سام فلوری کە توێژەرێکی سویسریەو یەکێک بوو لەوکەسانەی کەپێشەنگن لە لێکۆڵینەوە لەبارەی خەت بەڵام بەشێوازی خۆی، هەروەها کتێبی ابراهیم جمعة بەناوی (دراسة فی تطور الكتابات الكوفية على الاحجار في مصر في القرون الخمسة الاولى للهجرة) کە تایبەت بوو بەشی کردنەوەو گۆڕانکاری خەتی کوفی لەسەر بەرد و لێکۆڵینەوەیەکی ووردە و بەڵام لەسەر کەرەستەی ترە، و کتێبی فوزیە مالکی لەبارەی (الخزف ذو البريق المعدنى حتى نهايه القرن الرابع الهجري) سەرچاوەیەکی زۆر گرنگە لەبارەی گلێنەسازی بەشێوەیەکی گشتی وبەشێک لەکتێبەکەی تایبەت کردووە بەبابەتی نووسین لەسەر گلێنەدا.

ڕێبازی توێژینەوەکە بریتیە لە توێژینەوەیەکی شیکاری لەسەر وێنەی هەشت گلێنەی دروست کراوی سەرەتاکانی سەردەمی عەباسی تا کۆتا نموونە کەمێژووەکەی بۆ سەدەی (٤ک/١٠ز)دەگەڕێتەوە. کەتەواوی گۆڕانکاریەکانی خەتی کوفی لەو کاتەدا پێگەیشت و بەکارهات هەرچەند گلێنە هێماو دروشم نەبوو بۆ سەردەم و دەسەڵاتی ئەو کاتە وەک پارە یا دامەزراوە یاخود نووسراوی دەسەڵات تاوەکو گرنگترین جۆری داهێنراوی خەتی لەسەر جێ بەجێ بکرێت، بەڵام حەزو خواستی گلێنەساز وایکرد کە گلێنە بێ بەش نەبێت لەو پێشکەتن وگۆڕانکاریەی لەنووسیندا کرا، ئەگەرچی بەهەمان خێرایی بوارەکانی تر جۆرەکانی خەتی داهێنراوی لەسەر جێ بەجێ نەکراوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

توێژینەوەکە بەجۆرێک کاری لەســەرکراوە کە کورتە باســێکی گلێنە و خەتی تێدا ئاماژە پێکراوە، لەســەرەتای توێژینەوەکەدا کورتەیەک لەبارەی گلێنەســازی لەســەردەمی عەباســی باســکراوە، ئنجا پێشـەکیەک لەبارەی خەتی کوفی و پاشـانیش بەکارهێنانی خەتی کوفی لەڕازاندنەوەی گلێنەدا ئاماژە پێکراوە، دواتر قۆناغەکانی گەشــەندنی خەتی کوفی توێژینەوەی لەســەرکراوە بەپێی ئەو نموونانەی کە بەشـێوەیەکی زانسـتی و بەپێی قۆناغەکان هەڵبژێردراون بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە.لەکۆتاییدا خشتەی هێڵکاری گۆڕانی پیتەکان و دەرئەنجامی توێژینەوەکە ئاماژەی پێکراوە.

## 2-گرنگی توێژینەوەکە:

هەبوونی نووسین لەسەر هەر کەرەستەیەکـــ(گوازراوە یان نەگوازراوە) بێت وە لەهەر ماددەیەک دروســـت کرابێت ناســـنامەیەکی پڕ بایەخ و زانیارییە بۆ کەرەســـتە و بۆ ســـەردەمەکە، بۆیە یارمەتیدەرێکی گرنگە بۆ پسپۆڕانی شوێنەوارناس، کە هەمیشە بەدوای دۆزینەوەی ئەو ناسنامەیەن بۆ هەر یەکێک لەو شوێنەوارانەی کە دەدۆزرێتەوە. بۆیە ئەنجامدانی ئەو توێژینەوە لەو سۆنگەیەوە کاری لەســـەر کراوە کەزۆربەی قۆناغەکانی نووســـین بەخەتی کوفی لەســـەر گلێنەی ســـەردەمی عەبباسیدا بەکارهاتووە و سەرەتای داهێنان و بڵاوبوونەوەی ئەو جۆرە خەتەیە لەسەر زۆربەی بوارو بەتەواوی جیهانی ئیسلامیدا، ببێتە سەرچاوەیەک بۆ توێژەرانی ئەو بوارە بەزمانی کوردی.

## 3-کێشەی توێژینەوە:

ئەنجامدانی توێژینەوەیەک لەبارەی پێشـــکەوتن و گۆڕانکاری جۆرێکی خەت ئاســـان نیە، جونکە بۆ گەیشـــتن بەتەواوی قۆناغەکانی ئەو زنجیرەی گەشـــەســـەندنە دەبێت پشـــت بەدەقی مەبەســـتدار ببەســـتیت. ئەم توێژینەوەیە تایبەتە بەلێکۆڵینەوە لە قۆناغی گەشــەندنی خەتی کوفی لەســەر گلێنە کەمێژوویان دەگەڕێتەوە بۆ ســەردەمی عەباســی. بۆیە گرنگە دەقی نموونەی هەڵبژێردراو زۆر ڕوون

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بێت بەجۆرێک شێوەی پیتەکان دەرکەوتبێت، بەڵام لەبەر بڵاوی نموونەی گلێنەکان لە مۆزەخانەکاندا، ناتوانرێت ڕاستەوخۆ کار لەسەر نموونەکاندا بکرێت، بۆیە زیاتر پشت بەوێنەی ناو سەرچاوەکان و سایتی مۆزەخانەکان بەستراوە بۆ هەڵبژاردنی نموونەکان. بەدڵنیاییەوە کارکردنی ڕاستەوخۆ لەسەر دەقی نموونەکان بەپێی مەبەستی توێژەران زۆر خێراتر و ئاسانتر دەی گەیاندین بەو ئەنجامانەی لەو توێژینەوەیەدا خراونەتەڕوو.

## 4- گلێنە لەسەردەمی عەبباسیدا:

ووشەی گلێنە لەزمانی کوردیدا بەکاردێت بۆ شێوەی لەقوڕ دروست کراو کە سوورکرابێتەوە جا ڕووپۆشکرابێت یاخود ڕووپۆش نەکرابێت بەشووشە(کەریم،2006، لا239، 858). لەبەرامبەریدا لەزمانی عەرەبیدا دوو ووشەمان هەیە بۆ گلێنە بەکاردێت بریتین لە (فخار و خزف) ، ووشەی فخار لەقورئانی پیرۆزدا ئاماژەی بۆکراوە هەروەك خودای گەورە دەفەرموێت{خلق الإنسان من صلصال كالفخار}(سورة الرحمن، الأيه14). زۆربەی زمانەوانانی عەرەب باسیان لەم دوو ووشەیە کردووە و بەیەکتریان بەستۆتەوە، بەجۆرێك بۆ هەردووکیان پێناسەیەکی هاوشێوەیان بۆداناوە، هەروەك إبن منظورو إبن درید پێناسەی کردووە و دەڵێت (خەزەف بەهەرشتێك دەگوترێت کەلەقوڕ دروست بکرێت و بەئاگر سووربکرێتەوە تاوەکو دەبێتە فخار) (إبن منظور(٧١١ک)،1994، مجلد9،لا67 ؛ إبن درید(٣٢١ک)،1987،لا595) ،دواتر إبن سیدە ئاماژەی پێکردووە و دەڵێت(فخار هەرشتێکە لەقوڕ سووربکرێتەوە وجۆرێکە لەخەزەف )(إبن سیدە(٤٥٨)، 1996،ج3، لا39).کەواتە ووشەی (فخار و خزف) هاوشێوەی یەکترن لە ڕووی پێکهاتەو دروست بوونیەوە جیاوازیان لەنێواندا نیە.

لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا بووە بەعادەت لەلایەن هەندێك لەتوێژەران جیاوازی دەکەن لەنێوان ووشەی (فخار و خزف) بەجۆرێك ووشەی (فخار) بەکاردێنن بۆ کەل وپەلی لەقوڕ دروست کراو بەبێ ئەوەی ڕووپۆشکرابێت بەشووشە، ئەوروپیەکان پێی دەڵێن (unglazed pottery)، وە بەکارهێنانی

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ووشـــەی (خزف) بۆ ئەو کەل وپەلانەی لەقوڕ دروســـت کراون پاشـــان ڕووپۆش دەکرێن بەچینێکی تەنکی شـــووشـــەیی، ئەورووپیەکـان پێی دەڵێن(glazed pottery) (العلي،1990،لا8). لەزمانی ئەورووپی نوێدا ووشەی (pottery) بەمانای (فخار و خزف) دێت واتە جیاوازی ناکرێت لەنێوان کەل وپەلی لەقوڕ دروست کراو بەشووشە کراو بێ شووشە(مرزوق، 1964،لا101). ووشەی (سيراميك) لەزمانی فەرەنجیدا بە (فخار و خزف) دەگوترێت ،لەبنەڕەتدا ئەم ووشـەیە وەرگیراوە لە ووشـەیەکی ئیغریقی بەناوی (کیرامۆس) شـوێنێکە دەکەوێتە شـاری ئەسـینا لەووڵاتی یۆنان(حسـين، 2002، لا23).

سـەردەمی عەبباسـی ماوەو سـنوری دەسـەڵاتی فراوان بوو کە لە(132-656 ك/750-1258ز)، هەر لەســـەدەی (2 ك /8 ز) دیارترین گۆڕانکاری و داهێنان لە شـــێواز و شـــێوەو وە ڕازاندنەوەی گڵێنە ئەنجامدرا، بەجۆرێک کە بووە تایبەتمەندی پیشـــەســـازی گڵێنە لەتەواوی جیهانی ئیســـلامیدا. ئەو شـۆڕشـە گەورەیەی ئەو پیشـەگەریە دەسـتیپێکرد لەشـاری کوفە وبەسـڕەدا کە مەڵبەندێکی گرنگی بازرگانی بوون و پیشـەگەرانی تێدا کۆببوویەوە، وە ژمارەیەک گڵێنەی شـووشـەکراو بەڕەنگی سـەوزی ڕازاوە بەنەخشـــی ئەندازەیی و نووســـین دۆزراونەتەوە.(حميد، 1982، لا 311،312)، لەســـەرەتادا گڵێنەی شـووشـەکراوی یەک ڕەنگ و پاشـانیش شـووشـەکراو بەچەند ڕەنگێک و لاسـایی کردنەوەی گڵێنەی خێزانی تانج ئەو خێزانەی کەبۆ ماوەی ســێ ســەدە فەرمانڕەوا بوون لەچین ، وە لەشـــاری سـامەڕا جۆرێکی تری گڵێنەی سـەردەمی عەبباسـی دۆزرایەوە کەهاوشـێوەی نەبوو ئەویش گڵێنەی (خەزەفی درەوشـــاوەی کانزایی) لەوێشـــەوە بۆ تەواوی جیهانی ئیســـلامی گوازرایەوە. لەکۆتایدا گڵێنەســـازی لەســـەردەمی عەبباســـیەکان پێشـــکەوتنی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی بووە پێشـــەنگ بۆ سەردەمانی دواتر.

## 5- کورتەیەک لەبارەی خەتی کوفی:

بۆچوونی جیاوازی پسپۆران لەبارەی سەرەتاکانی نووسینی عەرەبی هەیە لە پێش هاتنی ئیسلامدا، بەهۆی جیاوازی ناوی جۆری خەتەکان کە ناونراون بە ناوی شـارەکان بێ ئەوەی شـێوەی پیتەکان بزانرێت، چونکە پیتەکان لە سـەرەتادا بەهۆی بازرگانیەوە هێنراوەتە نیمچە دوورگەی عەرەبی، وە ناوەکانیان لەو شـوێنەوە وەرگیراوە کە پیتەکانی لێوە هاتووە وەک؛ خەتی نەبەتی، خەتی حیری، خەتی ئەنباری، لەپاش هاتنی ئیسـلامیشـدا بە هەریەك لەخەتی مەکی و مەدەنی ناسـرا (ابن الندیم، 1964، لا9). وە لەئەنجامی لێکۆڵینەوە لەو دەقە نووسـراوانەی کە هەڵکۆڵدراون لەسـەر بەرد وە لەگەڵ ئەو دەقانەی کە لەسـەر کاغەزی بەردی یا پێسـتە نووسـراون دەرکەوت کە جۆری خەت و شـێوازی نووسـینی پیتەکان بەپێی جۆری کەرەسـتەکان دەگۆڕێت (الکردی، 1939، لا65-66)، بەجۆرێک ئەگەر کەرەستەی هەڵبژێدراو کەرەستەیەکی ڕەق بێت و بەهەڵکۆڵین نووسینی لەسەر جێ بەجێ کرابێت ئەوا جۆری خەتەکە پێی دەوترێت خەتی ووشـك (یابس)، بەڵام ئەگەر جۆری ماددەکە نەرم بێت و بە بەکارهێنانی حبر و قەلەم نووسـینی لەسـەردا جێ بەجێکرابێت، ئەوا جۆری خەتەکە پێی دەوترێت خەتی نەرم(لین)(حنش، 2014، لا419).

ئەم دوو شێوازەی نووسین کە ناسراون بە خەتی ووشك و نەرم بەهۆی شێوازی دەرکەوتنی پیتەکان ئەم ناوانەیان لێنراوە، واتە خەتی ووشـك: بریتی بوو لەو شـێوازە نووسـینەی کەشـێوەی پیتەکان ڕاسـت و ڕێك بێت و شـوێنی بەیەکگەیشـتنی پیتەکانیش زیاتر گۆشـە وەسـتاو یان تیژ دەردەچێت وناونرا بەخەتی حیجازی ووشـك.(القلقشـندی، ج3، 1913، لا11)، وە بە پێچەوانەوە لەخەتی نەرمدا پیتەکان خواری و پێچی تێدا دەبینرێت بەتایبەتی لەکاتی بەیەکگەیشتنی دوو پیتدا.(جبوری، 2000، لا24).

لەگەڵ بڵاوبوونەوەی پەیامی ئایینی ئیسلام و ناردنی نوسخەی قورئانی پیرۆز لەسـەردەمی خەلیفە عوسـمانی کوڕی عەفان (23-35ک/644-656 ز) بۆ تەواوی ئەو شـوێنانەی کەوتنە ژێر دەسـەڵاتی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

مووسـڵمانان لە پاڵ هەردوو شـێوازی نووسـین کە بە تەواوی ئەو ناوچانەدا بڵاو بوویەوە، جۆرێکی تری نووسـینی تایبەت بەنووسـینەوەی قورئانی پیرۆز بەکارهات کە بریتی بوو لە شـێوازێکی تێکەڵی جوان لەنێوان خەتی ووشــك و نەرم، کەپێی دەوترێت خەتی (کوفی مەسـحەفی) (جبوری،1988، لا50)، بۆ ماوەی سێ سـەدە ئەم شـێوازەی خەت بەکارهات بۆ نووسـینی قورئانی پیرۆز(ابن الندیم، 1964، لا7).لەشـاری کوفەشـدا بەهۆی هەبوونی چالاکی سـیاسـی تێیدا نووسـین زۆرتر بەکارهات و هەر لەبەر ئەم چالاکیە سـیاسـیەش بوو دەبووایە بەگرنگیەکی زیاترەوە دەقەکان نووسـرابووانەوە، لێرەدا خەتی (مەکی) گۆڕدرا بۆ خەتی حیجازی ووشــك و لەبەر ئەو گرنگی پێدانە زۆرەی خەڵکی کوفە بەو جۆرە خەتە، ناونرا خەتی کوفی( الکردی، 1939، لا70). ئەم خەتە بەهۆی شــێوە ڕێك و ڕاسـت و ئەندازەییەکەی زیاتر گونجاوتر بوو بۆ نووسـینی سـەر بەرد وەك دیواری دامەزراوە و کێلی قەبرو داری مینبەر و کەرەسـتە دروست کراوەکانی نحاس و نووسـینی سـەر دراوو ... هتد.(العبیدی، 2003، لا89). دواتر لەشاری بەغداد و لەسەردەمی عەبباسیدا بەخێرایی گەشەی سەند و شێوەیەکی زەخرەفی جوانی وەرگرت کەوەك کەرەستەیەکی ڕازاندنەوە بەشێوازی جیاواز لەپاڵ کەرەستەکانی تری زەخرەفە بەکارهات.(المصرف، 1980، لا340). سەرەڕای هاتنە کایەوەی ژمارەیەك شێوازی تری خەت کە سـەرچاوەی گرت لەشـێوازی خەتی نەرم بەڵام خەتی کوفی هەر مایەوە و بەردەوام بوو لەبەکارهێنان بە هەمان مەبەسـتی جاران بەتایبەتی لە ڕازاندنەوەی ڕووی دیواری دەرەو ناوەوەی دامەزراوەکان تا سەدەی ( 6ک/12ز) (خضر، 2014، لا46).

## 6- بەکارهێنانی خەتی کوفی لە ڕازاندنەوە گلێنە :

سەرەتای بەکارهێنانی نووسین لەسەر هەر کەرەستەیەك بوویێت مەبەستی سەرەکی بریتی بوو لە گەیاندنی پەیامێك کە خۆی لەناوەڕۆکی دەقەکەدا دەدۆزیەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشــدا مووســڵمانان لەبەر گونجان و پیرۆزی پیتەکانی زمانی عەرەبی کە ووشـەکانی قورئانی پیرۆزی پێ نووسراوەتەوە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نووسینیان لەقالبە سادەکەی خۆیدا دەرهێناو گۆڕانکاریان بەسەرداهێنا، بەجۆرێك لەپاڵ گەیاندنی ناوەڕۆك و پیرۆزکردنی ئەوشتەی کەنووسینیان لەسەردا دەنووسی بەمەبەستی بەپیتی و بەرەکەت وەگرتن (المالکی، 2008، لا175)، وە دوورکەوتنەوەی هونەرمەندی مووسڵمان لە وێنەی گیانلەبەران و پشت بەستن بە زەخرەفەی ڕووەکی و ئەندازەیی پاڵنەر بوو بۆ گرنگیدانی زیاتر بەخەت و کردیان بە بڕبڕەی پشتی تەواوی هونەرەکان(عبدالرزاق، 1986، لا48) بۆ ڕازاندنەوە و جوان دەرخستنی ڕووی جیاوازی بینا یاخود کەل و پەل و کەرەستەی تایبەت (حسن، 1938، لا39). تەنانەت زۆرجار دەقە نووسراوەکە وەك تابلۆیەکی هونەری دەردەکەوێت و هەندێك جار سەرەتا و کۆتایی پیتەکان دەرناکەوێت لەبەر ئاڵاندنی پیتە ڕێکەکان لەیەکتر لەلایەن خۆشنووسەکەوە ناتوانرێت خودی دەقەکە بخوێندرێتەوە. کۆنترین دەقی نووسراوی زەخرەفی لەلایەن مووسڵمانانەوە بریتیە لە دەقی نووسراوی ڕووی مزگەوتی (قبە الصخرە) کە بۆ سەردەمی عبدالملك کوڕی مروان(65-86ك/685-705ز) دەگەڕێتەوە، کەبەخەتی کوفی سادە تۆمار کراوە، لەگەڵ ئەوەی شێوازی نووسینی پیتەکان شێوەیەکی زۆر سادەی هەبوو بەڵام جوانی بە مزگەوتەکە بەخشیووە، وە لەسەردەمی ئەمەویدا ژمارەیەکی زۆر لە دەق بەرچاو دەکەوێت، بەڵام زیاتر بەشێوازێکی سادەی نووسین دەبینرێت، و مەبەست تۆمارکردنی زانیاری و مانەوەی یادگاریە لەو دەقانەدا وەک ناوی کەس(خەلیفە، دەسەڵاتدار، وەستا، خۆشنووس) و ساڵ و دوعا و پاڕانەوە. هەرچی سەردەمی عەبباسیەکانە گۆڕانکاری تەواو بەسەر شێوازی نووسیندا دێت و نووسین لەقالبە سادەکەیدا بەتەواوی دەگۆڕدرێت بۆ کەرەستەیەکی جوانکاری تەواوی ئەو ڕووانەی کە نووسینی لەسەردا تۆمارکراون لەپاڵ گەیاندنی مەبەستی خواستراو.

مێژووی بەکارهێنانی نووسین لەسەر قاپ و دەفری دروستکراو لەبەردو کانزا و یاخود گڵێنە زۆر کۆنە، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی کە مرۆڤ باشترین و بەنرخترین شتەکانی پێشکەش بە پەرستگا دەکرد، ئەویش قاپ و دەفری جۆراو جۆر بوو، بەر لە داهێنانی نووسین ئەو قاپ و گلێنانە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نەخشـــێنرابوون بە زەخرەفەی ئەندازەیی و ڕووەکی، بەڵام لەســـەردەمی مێژووییدا بەنووســـینی دەســـتەواژەی جیاواز لەوانە ناوی پاشـــا و نازناوی لەســـەر تۆمار دەکرا ئنجا پێشـــکەش بە پەرســـتگا دەکراکۆنترین نموونەی ئەو جۆرە قـاپـانە بۆ ســـەردەمی بنەمـاڵەکـانی ســـۆمەری(٢٩٠٠-٢٣٧١پ.ز دەگەڕێتەوە.(المحمد، 2009، لا34،27). کە دروست کردنی گلێنە بەشێک بوو لەپێداویستی مرۆڤ و بەردەوام بوو لەدروست کردنی بەڵام هەموو کات نووسینی لەسەردا تۆمارنەکراوە، وە لەسەردەمی ئیسـلامدا، تا سـەردەمی ئەمەوی (41-132ک/662-750ز) نموونەی بەکارهینانی نووسـین لەسـەر گلێنە نەدۆزراوەتەوە، کە ئەویش نموونەی گلێنەیەکە کەلە سوسە دۆزراوەتەوە نووسینی لەسەرە، بەڵام لەجۆری کوفی ســادەیە و دەقەکەی ناخوێندرێتەوە. (Lane,1965, p8). وە لەســـەردەمی عەباسی گلێنە یەکێک بووە لەو کەرەستانەی کە داهێنانە نوێکانی نووسینیان لەسەر بەکارهێناوە، بە شێوەیەک بەکارهێنانی نووسین لەسەر گلێنە لەسەدەی ( 3ك/9ز)زۆر زیادی کرد، وە لەسەدەی (6 و 7ك/12 و 13ز) بووە جێگرەوەو هاوشانی ڕەگەزەکانی تری زەخرەفە.

لێرەدا گرنگە ئاماژە بەوە بکەین کە ئەو کەرەســـتانەی کە بەکەرەســـتەی گوازراوە ناوزەند دەکرێن بەهۆی کەمی ڕووبەری ســـەر ڕووی کەل و پەلەکە دەبووایە نووســـەر زۆر وورياتر مامەڵەی لەگەڵ هەڵبژاردنی دەق و چۆنیـەتی دابەش کردنی و جێ بە جێ کردنیـدا بکـات، بۆیە لـەگەڵ ئـەوەی ئـەو ووشـانە ژمارەيان کەمە بەڵام هەڵبژاردنی مەبەسـتدار بووە، لێرەدا دوای ئامادەکردنی گلێنە قۆناغی ڕازاندنەوەی گلێنە هەر لەلایەن گلێنەسازەوە ئەنجام دەدرا، کەواتە هەڵبژاردنی شێوازی ڕازاندنەوەی ڕووی گلێنەکە پەیوەسـت بوو بە لێهاتوويی و شـارەزايی گلێنەسـازەکە. وە ئەو گلێنانەی بەنووسـین دەنەخشـێران دوو جۆرن: جۆرێکیان گران بەها و تايبەت بوون بەکەسـانی دەسـەڵاتدار ياخود دەوڵەمەند، بۆیە لەلایەن گلێنەسـازێکی لێهاتوو و شـارەزا لە خەتەوە دروسـتکراوە و ڕازێندراوەتەوە، وە جۆرێکیشـيان بۆ چینی مام ناوەند ڕەنگە گلێنەسـاز هیچ زانياريەکی نەبووبێت لەسـەر جۆرێکی تايبەتی خەت، وشارەزايی نەبێت لەسەر پێوانەکردنی پيتەکان، تەنها شێوازی نووسینەکە دەچێتەوە

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ســەر جۆرێکی دیاری کراوی خەت واتە بەنزیکەیی دەتوانریت بناســرێتەوە بەڵام لەبەر بەربڵاوی ڕازاندنەوەی گلێنە بەنووسین هەڵدەستێت بەلاسایی کردنەوە بێ ئەوەی شارەزایی هەبووبێت.

لە باوترین ئەو دەقانەی کەزیاتر بەرچاو دەکەوێت لەسـەر گلێنە بەشـێوەیەکی گشـتی و لەسـەردەمی عەبباسـی بەتایبەتی چەند بابەتێك لەخۆیان دەگرن: ئەوانیش تۆمارکردنی ناوی گلێنەسـاز، یان ناوی ئەو کەســەی کە گلێنەکەی بۆ دروســت کراوە، یان نازناو، کە لەدوای دەســتەواژەی ( من عمل، عمل) ئینجا ئاماژە بەناوەکە دەکرێت، یاخود نووسینی ووشەی (الملک) وەک ئاماژەیەک بۆ ناوهێنانی خوای گەورەو پیرۆزی بەخشینە بە گلێنەکە، هەروەها لەو دەقانەی کە زۆر باوە بریتیە لە هەندێك دەربڕینی دوعاو پاڕانەوە بۆ خاوەنی گلێنەکە، وەك ( توکل تكفا وسل تعطا، سل تعطا، برکة لصاحبه أو لصاحبها) (وێنەی ژمارە 4)، بەمەبەســتی بەخشــین و پێدانی ڕۆزی لەلایەن خوای گەورەوە، ئەو ووشــانە بەیەکەوە یان بەتەنیا وەک(برکة)، (توکل)، یان تەنها تۆمارکردنی ناوی کەسـێک (محمد، احمد). وە هەندێکجار هەندێك پیت و ووشـەی ناڕوون لەسـەر ڕووی گلێنە دەنووسرێت کە ڕەنگە بەهۆی هەڵەو نەشــارەزایی و نەخوێندەواری گلێنەســازەوە بێت،(المالکی، 2008، لا178)، بەڵام حەزو لاســایی و باوبوونی ئەو شــێوازی ڕازاندنەوە لەو ســەردەمەدا ببێتە پاڵنەر بۆ نووســینی دەقێکی ڕووکاری و ناڕوون لە مانادا.

یەکێک لە شـێوازە کانی نووسـینی دەقی سـەر گلێنەی سـەردەمی عەبباسـی بریتی بوو لە دووبارە کردنەوەی دەقی هەڵبژێردراو لەلایەن گلێنەسـازەوە، کە شـێوازێکی باو بوو، کە زۆرجار شـێوەیەکی ئەندازەی بازنەیی دەبەخشـێت بە نووسـینی سـەر گلێنەکە. (وێنە ژمارە1، 2، 3)، وە لێرەدا گەیاندنی پەیامی جوانکاری و ڕازاندنەوە لە بەکارهێنانی دەق زۆر ڕوونە، خۆ ئەگەر مەبەســت لێی تەنها گەیاندنی پەیامێک بووایە دووبارە نەدەکرایەوە و ووشـەی زیاتر دەتوانرا لەو ڕووبەرەدا بنووسـرێت. کەواتە مەبەسـتی گلێنەسـازی مووسـڵمان لەنووسـینی دەق بەجۆرەکانی خەتی کوفی لەسـەر ڕووی گلێنە سـەرەتا بەخشـینی جوانی و ڕازاندنەوەیە پاشـان گەیاندنی پەیامی ناوەرۆکەکەیە. دەتوانریت

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەو خاڵە زیاتر لە نموونەی وەرگیراودا تێبینی بکەین، خودی گۆڕین و داهێنانی چەند شـێوازێکی نووسین بە خەتی کوفی سەلماندنی ئەو روانگەیەیە.

## 7- قۆناغەکانی گەشـەسـەندنی خەتی کوفی و دەرکەوتنی جۆرەکانی لەسـەر گلێنەدا بە پێی نموونەی هەڵبژێردراو:

### 7. 1- قۆناغی یەکەم:

یەکەم جۆری بەکارهاتووی نووسـین لەسـەر ڕووی گلێنەکان بریتی بوو لە نووسـین بەخەتی کوفی بەشێوەیەکی سادە، کە ناسراوە بە (کوفی سادە): ئەم جۆرە یەکێکە لەکۆنترین جۆرەکانی خەت، کە بەشـێوە سـادەو پیتە ڕێکەکانی دەناسـرێتەوە، واتە هیچ زیادەیەک بەپیتەکانەوە نەنووسـاوە وەک هەبوونی گەڵاو گوڵ، یاخود لەیەکتر ئاڵانی پیتەکان. (حمید وئەوانی تر،1990، لا108). مەبەسـت لەنووسـین بەم جۆرە گەیاندنی پەیامی دەق بوو زیاتر نەک جوانی لەسـەرەتادا. ئەم جۆرەیان لە سـەدەکانی سـەرەتای کۆچیدا لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای جیهانی ئیسـلامیدا بڵاوبوویەوە.(جمعە، 1969، لا45). نموونەی ئەم جۆرە خەتە لەسـەر گلێنەی سـەردەمی عەباسـی بۆ نیوەی دووەمی سەدەی دووەمی کۆچی دەگەڕێتەوە کە گلێنەیەکە لەشاری بەسرە دۆزراوەتەوەو دەقی (عمل بالبصرة من عمل حسـان)ی لەسـەر تۆمارکراوە،(حمید، ١٩٨٢، لا٣١٢). ئەم جۆرە بەردەوام بوو لەبەکارهێنان تەنانەت دوای داهێنانی جۆرەکانی تری خەتی کوفی بەڵام بەرێژەیەکی کەم چونکە هیچ شـێوازێکی ڕازاندنەوەی بەگلێنەکە نەدەبەخشی، چەند هۆکارێك پاڵنەر بوو بۆ بەردەوامی بەکارهێنانی ئەم جۆرە خەتە لەسـەردەمی عەباسـیدا، لەوانە ئاسـانی لەجێ بەجێ کردنیدا، ڕوونی لەگەیاندنی واتادا، نەشارەزایی گلێنەساز لەنووسینی جۆرەکانی تری خەتی کوفی.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**7.1.1- نموونەی یەکەم: بەکارهێنانی خەتی کوفی سادە لەسەر گلێنە:**

| | | | |
|---|---|---|---|
| دەفرێکی گلێنەی درەوشاوەی کانزاییە. لە کۆمەڵەی کەیر لە لەندەن پارێزراوە. تیرەکەی:26,4سم | مێژووەکەی بۆ سەرەتای سەدەی (3ک/9ز) دەگەڕێتەوە. | دەقەکە: ووشەی (الملك) شەش جار دووبارە دەکرێتەوە. |  وێنە ژمارە (1) دەفرێکی گلێنە درەوشاوەی کانزا ییە(المالکی، 2008، لا363. |

شیکاری جۆری خەتی نموونەی یەکەم:

جۆری خەتەکە بریتیە لە خەتی کوفی سادە، پیتەکانی هیچ زیادەیەکی نیە و پیتەکان شێوازی ڕازاندنەوەی وەرنەگرتووە. ئەم جۆرەی خەتی کوفی هەر لەسەردەمی پیغەمبەر محمد (د.خ)، لە نووسینی ئەو دەقانەی لەسەر کەرەستەی ڕەق بەشێوازی هەڵکۆڵین یاخود قاڵب بەکارهاتووە، وە لە سەردەمی ئەمەویەکانیشدا لەبواری جیادا بەکار هاتووە، و پاشانیش هونەرمەندانی سەردەمی عەبباسی بەردەوام بوون لە بەکارهێنانیدا لەزۆربەی بوارەکانداو لەسەر گلێنەش، تەنانەت دوای ئەو سەردەمەش هەر بەکارهات لەلایەن ئەو گلێنەسازانەی شارەزا نەبوون لەجۆرەکانی تری خەتدا، تاکە تایبەتمەندی کە تێبینی دەکرێت لەکاتی بەکارهێنانی ئەو خەتە لەلایەن گلێنەسازی ئەو سەردەمە بریتیە لە چەند بارەکردنەوەی ووشەیەک لەسەر ئەو ڕووبەرە کەمەی بەردەستی بۆ پێکانی مەبەستە جوانکاریەکەی و ڕازاندنەوەی گلێنەکە لەپاڵ تۆمارکردنی دەق. وەك ئەوەی لەو نموونەیەدا ووشەی (الملک) شەش جار تۆمار کراوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پیتەکانی(أ، ل، ك) لە ووشـەی(الملک) کەبەکلیلی ناسـینەوەی جۆرەکانی خەتی کوفی دادەنرێت، پیتە وەسـتاو و ڕاسـتەکانن تێبینی سـادەیی و بێ زیادەییان دەکرێت لە دەقی ئەو نموونەیەدا، هەرچەندە لەپیتی ئەلفی سـەرەتای ووشـەی (الملک) شـێوەکەی تەواو سـادە نیە بەڵکو لەبەشـی سـەرەوەو خوارەوەی ئەو پیتە وەک سـێگۆشـەیەک دەردەکەوێت، وەک ئاماژە بەمێژووی نموونەکە کراوە بۆ سـەدەی (3ک/9ز) دەگەڕێتەوە کەهاوکاتە لەگەڵ داهێنانی جۆرەکانی تردا، بەڵام گلێنەسـاز تەنها لەو پیتەدا ئەو گۆڕانکاریەی ئەنجام داوە، هەر بۆیەش شـێوازی نووسـینی دەقەکە بەکوفی سـادە دەناسێنرێت. وەک لێرەدا هێڵکاری ئەو پیتانەمان کێشاوە (  ). بۆ تێبینی و بەراوردی گۆرانی شـێوەی پیتەکان لەقۆناغی دواتر بڕوانە (خشـتەی هێڵکاری ژمارە 1) سـتوونی کوفی سـادە . مێژووی دروسـت کردنی ئەم نمونەیە بۆ سـەدەی سـێیەمی کۆچی دەگەڕێتەوە، بەڵام بەکارهێنانی ئەو جۆرە خەتە لەلایەن عەبباسـیەکانەوە بۆ سـەدەی دووەمی کۆچی دەگەڕێتەوە، وە لەو نموونەیەدا بەڵگەی بەردەوامی گلێنەسازی ئەو سەردەمەیە لە تۆمارکردنی دەق بەو جۆرەی خەت لەدوای سـەدەیەک و هەبوونی جۆرەکـانی تری خەتی کوفی، بەهەمـان تـایبەتمەنـدی و شـێوە سادەییەکەی دەناسرێتەوە.

### 2.7 -قۆناغی دووەم:

یەکەم هەنگاوی گۆڕین لەخەتی کوفی ناو نراوە کوفی سەر سێگۆشەیی(ذو الهامات المثلثة): بریتیە لە زیادکردنی شێوەی سێگۆشەیی بۆ بەشی سەرەوەی پیتە وەستاوەکان بەتایبەتی پیتی (أ، ل، ك) وە پیتە شـێوە ئاسـۆییەکان وەك (ب، ت، س، ش).(حمود، 1981، ل79). زۆرجار ئەم جۆرەیان بەهەڵە تێکەڵ دەکرێت لەگەڵ کوفی سادە و کوفی گەڵادار.

بەهۆی خۆشـەویسـتی و حەزی خۆشـنووسـان لە ئەنجامدانی گۆڕانکاری لەمەبەسـتی سـەرەکی بەکارهێنانی نووسـین کە گەیاندنی پەیامی ناوەڕۆکە بۆ مەبەسـتی بەکارهێنانی وەك ڕەگەزێکی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕازاندنەوەو پڕکردنەوەی ڕووی شـوێن یان کەرەسـتە و پێداویسـتی، بووە پاڵنەری گۆڕینی شـێوەی خـەتی کوفی سـادە و زیـادکردنی ئەو سـێگۆشـەیەی کە هەنـدێکجـار لەلای ڕاسـتی پیتەکە و هەندێکجاریش لەلای چەپ زیاد دەکرێت و تەنانەت زۆرجار لەیەک دەقدا گلێنەسـاز گۆڕانکاری لەشـوێنی ئەو زیادەوە کردووە بۆ گونجاندنی پیتەکان و دروسـت نەبوونی ئاڵۆزی لەنێوان پیت و دەقدا. بڕوانە دەقی وێنە-٢- کە سـێگۆشـەی سـەرهەردوو پیتی(ک،ة) لە ووشـەی (برکة) ڕوویان پێچوانەی یەکتر کێشراون.

خەتی کوفی سەرسێگۆشەیی لەسەر گلێنە بەشێوەکی بەرچاو بەکارهات، چونکە ئاسان بوو لەڕووی جێ بەجێ کردنەوە لەلایەن گلێنەسازەوە (المالکی،2008، لا173)، وە کاتێکی کەم و کەرەستەی جێ بەجێکردنی کەمتر، لەهەمان کاتدا پێویسـتی بەڕووبەرێکی فراوان نەبوو، وە شـێوازێکی جوان و ڕازانـدنەوەی دەبەخشـی بە گلێنەکە. مێژووی دەرکەوتنی ئەو جۆرە خەتە دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی دووەمی سـەدەی (2ک/8ز)، بەڵام تا سـەدەی (3ک/9ز) شـێوەیەکی تەواوی تایبەتمەندی وەرنەگرت. کۆنترین نموونەی ئەو جۆرەی خەت لەسـەر دیناری خەلیفەی عەباسـی (ابي جعفری منصـور)هەیە لەساڵی (136-158ک/ 753-775 ز) (عبدالرزاق، 1986، لا48). وە بەشـێوەیەکی بەربڵاو لەکۆتایی سـەدەی (3ك/9ز) و سـەرەتای (4ك/10ز) لەسـەر ڕووی گلێنەی ڕووپۆشـکراوی کانزایی بەکارهات (المالكي، 2008، لا179).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)


**7 .2 .1- نموونەی یەکەم: خەتی کوفی سەرسێگۆشەیی:**

| | | | |
|---|---|---|---|
| قاپێکی گلێنەی دەوشاوەی کانزاییە. بەنووسین و زەخرەفەی ڕووەکی ڕازێندراوەتەوە. تیرەکەی: 30.6سم بەرزیەکەی:3.5سم لەمۆزەخانەی کۆبنهاگن پارێزراوە. | مێژووەکەی بۆ کۆتایی سەدەی (3ک/9ز) دەگەڕێتەوە. | دەقەکەی: بریتیە لە دووبارە کردنەوەی "بركة لصاحبه" پێنج جار بەدەوری لێواری قاپەکەدا. | <br>وێنەی ژمارە(2) قاپێکی خەزەفی درەوشاوەی کانزایە (المالکی، 2008، لا397). |

شیکاری جۆری خەتی نووسینی دەقەکە:

جۆری خەتەکە بریتیە لەخەتی کوفی سەر سێگۆشەیی. ئەم جۆرەی خەتە یەکەم قۆناغی گۆڕانکاری بوو لەخەتی کوفی، وەک لەنموونەی وەرگیراودا دیارە شێوازی نووسینی دەقەکە بەجۆرێکە بەتەواوەتی تایبەتمەندی ئەو جۆرەی وەرگرتووە، بۆیە مێژووی نموونەکە بۆ کۆتایی سەدەی (3 ک/ 9 ز) دەگەڕێتەوە. کە گلێنەساز زۆر لێهاتوو و شارەزا بووە لەجێ بەجێ کردنی ئەو زیادەیەی کەبووەتە هۆی تایبەتمەندی ئەو جۆرەی خەت، وەک لەبەشی سەرەوەی پیتەکانی(آ، ب، ل، ک)، وە بەشی سەرەوەو خوارەوەی پیتەکانی( ر، ه)، کە لەلایەکی بەشی سەرەوەی پیتەکاندا زیادەیەکی شێوە سێگۆشەیی زیاد دەکرێت و دەبێتە جیاکاریەکی ڕوون لەگەڵ کوفی سادەدا، بەتایبەتی لەکاتی گۆڕینی ڕووی زیادە سێگۆشەییەکە، بەپێی ڕووبەرو دەرخستنی شێوەیەکی زەخرەفی وەک پیتی (ک،ه) لە ووشەی (بركة)، لەیەکێکیانداڕووی لەلای ڕاستەو لەوەیتریشیان لەلای چەپ، هەروەها پیتی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

(آ،ح) لە ووشـەی (لصـاحبە) کەبەیارمەتی گۆڕینی ڕووی سـەرەسـێگۆشـەکان شـێوەیەکی زەخرەفی بەدەقەکە بەخشـیووە. بۆ بەراوردی ئەو جۆرە لەگەڵ کوفی سـادە بڕوانە (خشـتەی هێڵکاری ژمارە-1)سـتوونی کوفی سـەر سـێگۆشـەیی. لێرەدا لەو هێڵکاریەی بۆ ئەو پیتانەی لەو دەقەدا هەن و ئەنجامەنداوە دەبینرێت (  )کە ئەو زیادە شێوە سیگۆشەییە زۆر بە لێزانیەوە نووسراون و تایبەتمەندی جۆرەکە لەتەواوی پیتەکاندا جێ بەجێ کراوە.

### 7. 3- قۆناغی سێیەم: کوفی گەڵاداری سەرەتایی:

بریتیە لە دەرکەوتنی خەتی کوفی گەڵاداری سـەرەتایی لەسـەر گلێنەدا، کە لەنێوان قۆناغی دووەم و سێیەمدا قۆناغی گواستنەوەی خەتی کوفی سەر سێگۆشەیی بۆ قۆناغی کوفی گەڵاداری سەرەتایی دەردەکەوێت بەر لەوەی شـێوەی تەواوی کوفی گەڵادار دەربکەوێت. کە تێیدا بەشـی کۆتایی پیتە وەسـتاوەکانی وەک (ا، ل،ک) بە زیادەیەکی دوولای شـێوە سـێگۆشـەیی کۆتایی پێ دێت، ئەو دوو بەشـە هەندێك کات بەتەواوی نێوانیان کراوەیە و هەندێک جاریش پڕکراوەتەوە و داخراوە، بەڵام دەتوانرێت تێبینی ئەو زیادەیە بکرێت کە لەلایەن گلێنەسازەوە ئەنجام دراوە. بڕوانە (وێنە ژمارە 3 - 4).

ئەم جۆرەی خەتی کوفی بە ناوی جیاواز لەلایەن توێژەرانەوە دەناسـێنرێت لەوانە هەندێکیان هەر بەخەتی کوفی سـەر سـێگۆشـەیی دەیناسـێنن، کەئەمەشـیان هەڵەیە چونکە لێرەدا دوو زیادەی سـێگۆشـەیی هەیە و بەبەراورد لەگەڵ سـەر سـێگۆشـەیی، ئەم جۆرەیان قۆناغێکی پێشـکەوتووترو جیاوازترە. یاخود بەناوی کوفی زبر، کوفی ڕێك(متقن)، یاخود کوفی لێوار ڕێك دەناسرێت(شـرعان، 2021، لا45-46). تەنانەت هەندێکجار بەکوفی گەڵاداری تەواو ناودەهێنرێت کەچی ئەو زیادەیە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

شێوەی گەڵای تەواوی وەرنەگرتووە، بۆیە ئەم جۆرە قۆناغی سەرەتای داهێنانی جۆرێکی ترە لەخەتی کوفی کەئەویش کوفی گەڵادارە. ئەم جۆرە گەڵادارە لەسەدەی دووی کۆچیەوە لە میسر دەرکەوت تا کۆتایی سەدەی (3ک/9ز) شێوەی گەڵای تەواو یاخود نیوە گەڵای دارخورما بەشێوەیەکی ڕوون دەرنەکەوت.(الجبوری، 1999، لا76).

**7. 3. 1- نموونەی یەکەم:**

لە نووسینی سەر ئەم گلێنەیە دەردەکەوێت کە قۆناغی گۆڕانکاری و داهێنانی جۆرێکی تری خەتی کوفیە دوای کوفی سەرسێگۆشەیی، ئەویش قۆناغی دەرکەوتن و داهێنانی کوفی گەڵاداری سەرەتاییە. کە گلێنەساز لە پیتە سەرەکیەکاندا شێوەی گەڵای دوو لقی سەرەتایی بکێشێت.

| | | | |
|---|---|---|---|
| قاپێکی گلێنەیی درەوشاوەی کانزاییە تیرەکەی: 37سم لەمۆزەخانەی نیشتیمانی کوەیت پارێزراوە. بەزەخرەفەی ڕووەکی و نووسین ڕازێندراوەتەوە. | مێژووەکەی بۆ سەدەی( 3ک/9ز) دەگەڕێتەوە. | دەقەکە: بریتیە لەنووسینی ووشەی (الملك) بەشێوەی دووبارە، سێ جار دوووبارە کراوەتەوە. |  وێنە ژمارە(٣)، قاپێکی گلێنەی درەوشاوەی کانزایە (المالكی، 2008، لا388). |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

شیکاری جۆری خەتی نووسینی دەقەکە:

ئەو جۆرەیان بریتیە لەخەتی کوفی گەڵاداری سەرەتایی، کە کۆتایی هەردوو پیتی وەستاو (أ، ل)، وە ئەو بەشەی پیتی (ك) کە ئاسۆییە بە دووسێگۆشەی کەمێك کراوە کۆتایی هاتووە. وەک لە هێڵکاری پیتەکاندا دەردەکەوێت(  ،  ،  )، مێژووی گلێنەکە بۆ نیوەی یەکەمی سەدەی سێیەمی کۆچی دەگەڕێتەوە، واتە بۆ ئەو کاتەی کە زیادەکان شێوەی تەواوی گەڵایان وەرنەگرتووە. بۆ بەراوردی نێوان پیتەکانی گەڵاداری سەرەتایی و سەرسێگۆشەیی بڕوانە خشتەی هێڵکاری ژمارە١-ستوونی کوفی گەڵاداری سەرەتایی.


ئەو قۆناغە سەرچاوەی بیرۆکەی داهێنانی خەتی کوفی گەڵداره بەتەواوەتی، دوای ئەوەی هونەرمەندی مووسڵمان لەسەردەمی عەبباسیدا نووسینی وەک ڕەگەزێکی ڕازاندنەوە بەکارهێنا بۆیە بەردەوام بوون لەهەوڵی جوانتر دەرخستنی ئەو هونەرە، وە ئەو گۆڕانکاریەی کەبەسەر شێوەی پیتەکان داهات تەنها لەسەر گلێنە جێ بەجێ نەکرا بەڵکو لەسەر هەموو ئەو کەرەستانەی کە زەخرەفەی نووسینی لەسەر تۆمار دەکرا.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### 7 .3 .2- نموونەی دووەم:

| | | | |
|---|---|---|---|
| قاپێکە لەجۆری لادسایی کردنەوەی گلێنەی بۆرسلینی چینیە. لە شاری سامەڕا دۆزراوەتەوە. لەمۆزەخانەی طارق رجب لەکوەیت پارێزراوە. | سەردەمەکەی بۆ سەدەی (3ک/9ز) دەگەڕێتەوە. | دەقەکە: (برکة لصاحبها عمل محمد الصعی). |  وێنەی ژمارە(٤) قاپێکە لەجۆری لادسایي کردنەوەی گلێنەی بۆرسلینی چینی، .Fehervari, 1998, p120 |

شیکاری جۆری خەتی نووسینی دەقەکە:

جۆری خەتەکە کوفی گەڵاداری سەرەتاییە، واتە هێشتا تەواو زیادەکانی درێژنەبۆتەوەو شێوای گەڵای تەواوی وەرنەگرتووە، بەڵام ئەوەی کەجیای دەکاتەوا لەنموونەی پێشوو بریتیە لەوەی شێوازی جێ بەجێکردنی زیادەی کۆتایی پیتەکان بەشێوەیەکە کە نێوانی پڕەو کەلێنی داخراوە و درێژنەبۆتەوە، وەك لە پیتەکانی (أ، ب، ر، ك، ه، ل). هێڵکاری ئەو پیتانەش (  ).

)، وە بۆ بەراوردی لەگەڵ پیتەکانی تر لە جۆرەکانی تری ئەو خەتە بڕوانە خشـــتەی هێڵکاری ژمارە١-ستوونی کوفی گەڵاداری سەرەتایی.

مێژووی ئەو گلێنەیە بۆ نیوەی یەکەمی ســـەدەی ســـێیەمی کۆچی دەگەڕێتەوە، بەبەراورد لەگەڵ شێوازی پیتی دەقی نموونەی پێشوو پێشکەوتووترە و گلێنەساز شێوەیەکی پانتری بەبەشی سەرەوەی پیتەکان بەخشیووەو زیاتر لەشێوەی گەڵا نزیک دەبێتەوە.

## 4.7- قۆناغی چوارەم: خەتی کوفی گەڵاداری پێشکەوتوو:

ئەو قۆناغە بریتیە لەداهینانی خەتی کوفی گەڵدار(کوفی مورق): ئەو جۆرەیە کە کۆتایی پیتە ڕێکەکان و ڕاکشاوەکانی بە زیادەی شێوە گەڵای داری دەڕازێندرێتەوە، بەتایبەتی ئەو پیتانەی کە وەك لقێکی بەرز دەردەکەون بە گەڵای ڕووەکی شـــێوە جیاواز کۆتاییان دێت(العبیدی، 2003، لا89). ئەم جۆرە گەڵدارە لەســـەدەی دووی کۆچیەوە لە میســـر دەرکەوت، و هەر لەوێشـــدا گرنگی پێدراو پێگەیشت پێش نیوەی سەدەی (3ك/9ز) (الجبوری، 1999، لا76). لەوێشەوە گواسترایەوە تەواوی جیهانی ئیســـلامی، دەورێکی گرنگی هەبوو لە نەخشـــی نووســـین، لەبەناوبانگترین نموونەکانی ئەم جۆرە خەتە دەقی مزگەوتی جومعە لەشـــاری نائین کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ســـاڵی(288 ك/901 ز) کە شـــارێکی فارســـیە دەکەوێتە نێوان أصـــفهان و فارس و دەقی نووســـراوی مزگەوتی گەورە ئامەد(دیاربەکر) لەساڵی (444 ك/1053ز). (جمعە، 1969، لا45).

لە بەرەو پێشـــچوونی شـــێوازی نووســـینی بەشـــی ســـەرەوەی پیتەکان کە جاران تەنها دوو زیادەی سێگۆشـەیی ناو پڕ یاخود ناوبۆش دەکێشـران، بەڵام لەم قۆناغەدا ئەم دوو زیادەیە تەواو جیاوازەو شـــێوەیەکی درێژترو باریکتری وەك گەڵای پێوە دیارە، هەروەها زۆرجاریش دەبێتە ســـێ زیادە لەشێوەی گەڵا. ئەو قۆناغە بە قۆناغی پێگەیشتن و وەرگرتنی تایبەتمەندی تەواوی گەڵادار دادەنرێت، بۆیە دەتوانریت بە ئاسـانی بناسـرێتەوە، مێژووی دەرکەوتن و پێگەیشـتنی لەسـەر گلێنە بۆ کۆتایی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەدەی (3ك/9ز) دەگەڕێتەوە، کە شێوەی گەڵای تەواو یاخود نیوە گەڵای دارخورما بەشێوەیەکی ڕوون دەرکەوت، ئەمەش لێهاتوویی و شارەزایی زیاتری گلێنەسازی دەردەخات لەو سەردەمەدا. نموونەی گلێنەی ڕازێندراو بەخەتی کوفی گەڵادار زۆرن لەسەردەمی عەبباسیدا بەهۆی ئەو جوانیەی کەبە گلێنەکەی دەبەخشێت، هەروەها پڕکردنەوەی کەلێن و بۆشایی نێوان پیتی دەقەکە، هۆکاری سەرەکی بوون بۆ داهێنانی ئەو جۆرەی خەت لەلایەن خۆشنووسانەوە، بۆ دوورکەتنەوەی زیاتری هونەرمەندی مووسڵمان شێوە سادە و ساکارەکەی دەقەکە وەک چۆن لەزەخرەفەی ڕووەکی گەیشتە لوتکەی دوورکەوتنەوە لەشێوە ڕاستیەکەی خۆی کەپێی دەوترێت هونەری ئەرابیسک، بەهەمان شێوە لەهونەری نووسینیشدا بەرەو پڕکردنەوەی کەلێن و وون کردنی سەرەتا و ئاڵاندنی پیتەکانی هەنگاوی ناوە. بۆ ئەم شێوازەش سێ نموونەمان هەڵبژاردووە، ئەوانیش:

### 7. 4. 1- نموونەی یەکەم:


| | | | |
|---|---|---|---|
| قاپێکە لەجۆری لاساییکردنەوەی گلێنەی بۆرسلینی چینی، پێوانەکەی: 6.4*21.9سم لەمۆزەخانەی برۆکلین لەژێر ژمارەی 8622714 پارێزراوە. | مێژووەکەی بۆ کۆتایی سەدەی (3ك/9ز) و سەرەتای سەدەی (4ك/10ز) دەگەڕێتەوە . | دەقی نووسینی سەر گلێنەکە نووسراوە: (مما عمل أبو التقى). |  وێنەی ژمارە(٥) قاپێکە لەجۆری لاساییکردنەوەی گلێنەی بۆرسلینی چینی |

**گۆڤاری قەڵای زانست**
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | | https://www.brooklynmuseum.org/opencollection/objects/125954 |

شیکاری جۆری خەتی نووسینی دەقەکە:

جۆری خەتەکە بریتیە لە خەتی کوفی گەڵاداری پێشـکەوتووە، وەك لەوێنەکەدا دەردەکەوێت سـەرە سـێگۆشـەییەکانی کۆتایی پیتەکان زیاتر درێژبوونەوتەوە و کراونەتەوە و شـێوەی گەڵای وەرگرتووە.

بەتایبەتی پیتەکانی (أ، ل، ع، ب، و، ی). وەک لەهێڵکاری پیتەکاندا (  ، ، ، ،  ) تێبینی دەکەین جیاوازیەکی زۆر هەیە لەنێوان کرانەوەی زیادەی ئەم قۆناغەی گەڵاداری لەگەڵ قۆناغی گەڵاداری سـەرەتایی، بڕوانە خشـتەی هێڵکاری ژمارە١-سـتوونی کوفی گەڵاداری پێشکەوتوو بکە.

**7. 4. 2- نموونەی دووەم:**

| | | | |
|---|---|---|---|
| قـاپێکـە لـەجۆری لاسـاییکردنەوەی گلێنەی بۆرسـلینی چیـنی،بـەڕەنگی سەوز نەخشێنراوە. لـەمـۆزەخـانـەی شـارسـتانیەتەکانی ئاسیا لە سەنغافورە پارێزراوە. | مێژووەکەی بۆ کۆتایی سـەدەی (3ك/9ز)و سـەرەتـای سـەدەی (4ك/10ز)دەگەڕێتەوە. | لەناوەڕاستی دەقـێـك تـۆمـارکـراوە، بـریـتـیـە لـە (عمل بطة). | <br>وێـنەی ژمـارە(6) قـاپـێـکـە لـەجـۆری لاساییکردنەوەی گلێنەی بۆرسلینی چینی |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | | https://www.alamy.com/bowl-9th-century-iraq-asian-civilizations-museum-singapore |

شیکاری جۆری خەتی نووسینی دەقەکە:

جۆری خەتی بەکارهاتوو بریتیەلە خەتی کوفی گەڵاداری پێشــکەوتوو، شــێوازێکی پێشــکەوتووتری نووسـین دەبینن کە شـارەزاییانە تر دەقەکە جێ بەجێ کراوە و پیتەکان ڕێکترو باریکتر دەردەکەون، لە ســـەرەوەی پیتی (ل) دوو لقەو کراوەیە، بەڵام لە ووشـــەی دووەمدا ســێ لقی کراوەی باریك دەبینرێت (ب، ع،، ط، ة). لە هێڵکاری پیتەکانی ئەو دەقە (  ،  ،  ،  ،  ) مێژووی پێگەیشتنی هونەری نووسین بەخەتی گەڵاداری پێشکەوتوو بۆ کۆتایی سەدەی سێیەمی کۆچی/ نۆیەمی زایینی دەگەڕێتەوە. بۆ بەراوردی گەشـەسـەندی ئەو جۆرەی خەت لەگەڵ جۆرەکانی تردا بڕوانە خشتەی هێڵکاری ژمارە١-ستوونی کوفی گەڵاداری پێشکەوتوو.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### 7. 4. 3- نموونەی سێیەم:

| | | | |
|---|---|---|---|
| قاپێکە لەجۆری لاساییکردنەوەی گڵێنەی بۆرسلینی چینی. لەمۆزەخانەی میترۆپۆلیتان لەنیۆرک لەژێر ژمارەی A 63.159.4 پارێزراوە. تیرەکەی: 19.8سم. | مێژووەکەی بۆ کۆتایی سەدەی (3ک/9ز) و سەرەتای سەدەی (4ک/10ز) دەگەڕێتەوە. | دەقەکە بریتیە لە ووشەیەکی دووبارە ئەویش (عبدت). |  وێنەی ژمارە (٧) قاپێکە لەجۆری لاساییکردنەوەی گڵێنەی بۆرسلینی چینی (Grube, 1965,p210). |

شیکاری جۆری خەتی نووسینی دەقەکە:

جۆری خەتەکە بریتیەلە خەتی کوفی گەڵاداری سێ گەڵاییە، و لە شیکاری پیتەکانی ئەو نموونەیەدا تێبینی ئەو جیاوازیە دەکرێت کە بەشی سەرەوەی پیتی (ع) وەک دەنکۆڵەی گەنم سەری هێناوەتە خوار. وە لەجێ بەجێ کردندا پیتەکان باریکترو لێهاتووانەتر نووسراوە بەتایبەتی لە پیتی ( ت ، د، ع). هێڵکاری پیتەکانی (  ،  ،  ). بڕوانە خشتەی هێڵکاری ژمارە١-ستوونی کوفی گەڵاداری پێشکەوتوو بکە.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### 7.5- قۆناغی پێنجەم: خەتی کوفی گوڵدار:

خەتی کوفی گوڵدار(کوفی مزهر): بریتیە لەڕازاندنەوەی کۆتایی پیتەکان بە شـــێوەی گوڵی خونچە یـان گوڵی کراوە(Grohmann, 1957, p184). بەتێکەڵکردنی لەگەڵ گەڵادا.ئـەو جۆرەی خـەتی کوفی نموونەی زۆر کەمە و دەگمەنە لەســەر گلێنە لەســەردەمی عەبباســیدا، لەبەر ئەوەی جێ بەجێ کردنی قورســـترە لە جۆرەکانی تری خـەتی کوفی، وە پێویســـتی بە ڕووبەرێکی فراوانترە تـاوەکو بتوانریت بنەخشـێنرێت، وە لەهەمان کاتدا گلێنەسـازێکی شـارەزاشـی پێویسـت بوو، هەرچەندە لەو سەردەمە بە دەگمەن بەکارهاتووە کەچی دەبینین لە سەردەمانی تر لەوانە فاتیمیەکان(297-567ک/909-1172ز) و ئەیوبیەکان (567-648ک/1171-1250ز)و لە ســـەردەمی مەملوکیشـــدا (648-923ک/1250-1517ز)بەشـێوەیەکی فراوان بەکارهاتووە. لەبەر حەزی هونەرمەندی مووسـڵمان بۆ پڕ کردنەوەی بۆشایی و کەلێنی نێوان ئەو پیتانەی کەهیچ زیادەیەکیان وەرنەگرتووە لەخەتی کوفیدا و وە پڕکردنەوەی ڕووی گلێنەکە هاوشێوەی بوارەکانی تر، هەروەها تایبەت دەرخستنی ئەو گلێنەیەی کە دروســتی دەکات ســوودی لەم جۆرەی خەت وەرگرتووە. وە زۆربەی کات بە تێکەڵی و هاوشـــانی لەگەڵ کوفی گەڵادار تێکەڵ دەکرێت، ئەوەشــیان ســەرچاوەی گرتووە لەســروشــت. ئەو جۆرە خەتە مێژووەکەی بۆ کۆتایی ســەدەی ســێیەم و ســەرەتای چواری کۆچی دەگەڕێتەوە لەم جۆرە خەتە تەنها یەك نموونەمان وەرگرتووە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### 7. 5. 1- نموونەی یەکەم:

| | | | |
|---|---|---|---|
| گۆزەیەکی درەوشاوەی کانزاییە. بەرزیەکەی:٢٢,٨سم تیرەی دەمەوانەکەی:١٩سم لەگەڵ کۆکراوەی کەیر لەلەندەن پارێزراوە. | سەردەمەکەی بۆ سەرەتای سەدەی (4ک/10ز) دەگەڕێتەوە. | دەقەکەی بریتیە لە (تعطا سل تكفا) . |  وێنەی ژمارە (8) گۆزەیەکی درەوشاوەی کانزایی (المالكي، 2008، لا406) |



شیکاری جۆری خەتی نووسینی دەقەکە:

جۆری خەتەکە بریتیەلە خەتی کوفی گوڵدارە، بەڵام تەواو پێنەگەیشـتووەو بەشـێوەیەکی سـەرەتایی گوڵدار دادەنرێت، هەرچەندە ئەم جۆرەی خەتی کوفی زۆر دەگمەن بەکارهاتووە لەسەر گلێنەدا لەو سەردەمە، لەم نموونەیەدا بەشی سەرەوەی پیتی (ت) لەهەردوو ووشەی (تكفا و تعطا) وە پیتی (ط) لەگەڵ پیتی (ک) لە هەمان دوو ووشـــەدا شـــێوەی گوڵی ســـەرەتایی و ســـادە دەردەکەوێت. (  )، لەگەڵ هەبوونی زیادەی شـــێوە گەڵا لە بەشـــی ســـەرەوەی پیتەکانی دەقە کەزۆر بەلێهاتوویی و شـــارەزاییەوە نەخشێنراون. بڕوانە (خشتەی هێڵکاری ژمارە 1)-ستوونی کوفی گوڵدار بکە.

مێژووی نموونەکە بۆ سەرەتای سەدەی چواری کۆچی دەگەڕێتەوە، ئەم شێوازەی نووسین بەتەواوی جیهانی ئیسلامیدا بڵاوبوویەوە بەتایبەتی لەئێران و شام و خوراساندا لەسەر گلێنەدا بەکارهاتوون.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خشتەی ژمارە(1) هێڵکاری پیتەکان بەپێی قۆناغەکانی گەشەسەندنی لەسەردەمی عەبباسیدا بەپشت بەستن بەنموونەی وەرگیراو لەتوێژینەوەکەدا:

| پیتەکان | کوفی سادە | کوفی سەرسێگۆشەیی | کوفی گەڵاداری سەرەتایی | کوفی گەڵادار پێشکەوتوو | کوفی گوڵدار |
|---|---|---|---|---|---|
| ا |  |  |  |  | |
| ا کۆتایی | | |  |  | |
| ب سەرەتایی داوەراست | |  |  |  | |
| ت سەرەتایی کۆتایی | |  | |  |  |
| د | | | |  | |
| ر | |  |  | | |
| ط | |  | |  |  |
| ع | | | |  | |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ک- سەرەتایی و کۆتایی |  |  |  |  |  |
| ل- سەرەتا |  |  |  | | |
| ل- ناوەڕاست و کۆتایی |  | |  |  | |
| ن | | | |  | |
| هـ | |  |  |  | |
| و | | | |  | |
| ی | | | |  | |

لەکۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا دەردەکەوێت کە ئەو گۆڕانکاریانەی لەشێوە و شێوازی دروست کردن و نەخشاندنی گلێنە کرا لە سەردەمی عەبباسی مەبەست لێی باشتر کردنی جۆر و جوانتر دەرخستنی گلێنەکان بوون، بەتایبەتی لە سەدەی(3و4ك/9و10ز)وە تەواوی ئەو پێشکەوتنەی کەلە شێوازی نووسیندا کرا لەو سەردەمە بەتایبەتی لەخەتی کوفی لەزۆربەی بوارەکاندا بەکارهات، وە گلێنەش یەکێک بووە لەو بوارانەی کە هونەرمەندی مووسڵمان توانای خۆی لەجێ بەجێ کردنی هونەری نووسین لەسەریدا خستووەتە گەڕ. کە زۆربەی جۆرەکانی خەتی کوفی بەپێی پێشکەوتن و گۆڕانکاریەکانی خۆشنووسان لەبوارەکانی تر گلێنەسازانیش سوودیان لەو داهێنانە کردووەو دەقیان پێ تۆمار کردووە ، بۆ ئەم مەبەستەش ڕووبەرێکی گونجاویان دیاری دەکرد بۆ تۆمارکردنی دەق و

کردیانە کەرەســتەیەکی ڕازاندنەوە هاوشـــانی زەخرەفەی ڕووەکی و ئەندازەیی و لەبەشـێک لەنموونەکانیشدا لەگەڵ وێنەی مرۆڤ ، ئاژەڵ یاخود باڵندەدا.

ســەرەتای دەرکەوتنی نووســین لەســەر گلێنەدا لەســەردەمی عەبباســیدا هۆکار تێیدا پڕکردنەوە و داپۆشــینی ڕووی ناوەو دەرەوەی گلێنەکە بوو، چونکە وەک هەموو هونەرمەند و پیشــەگەرانی مووســڵمان حەزیان بە ڕووبەرێکی فراوانی بەتاڵ نەکردووە، هەر بۆیەش ئەو دەقانەی کە تایبەت بوون بەنووســینی ســەر گلێنە چەند دەقێکی ناســراوو تایبەتە لەوانە ( برکة لصــاحبه، توكل، ســل تعطا،...)، وە مەبەســتی ســەرەکی هەڵبژاردنی دەقەکە و نووسـینی دەقەکە پەیوەندی بەڕازاندنەوەی خودی گلێنەکەوە بووە، بۆیە گۆڕانکاری کراوە لەشــێواز و جۆری خەتەکاندا نەک دەقی هەڵبژێردراو. لەپاڵ ئەوەشــدا زۆربەی کات دەســتەواژەی پاڕانەوە بۆ خاوەن گلێنەکە بەتایبەتی بەپیت و بەرەکەت پەیامی دەقی سەر گلێنە بووە لەو سەردەمە، وە گلێنەساز کەمتر سوودی لەبەکارهێنانی ئەو دەقانە وەرگرتووە کە وەك ئیمزا یاخود هۆکارێك بێت بۆ ناسینەوەی گلێنەساز لەو سەردەمەدا بەبەراورد بە سەردەمانی دواتر، بەڵام بۆ لێکۆڵەری ئەو بوارە دەتوانرێت سوود لەپێشکەوتن و گۆڕنکاری پیتەکان ببینێت بۆ ناسینەوەی سەردەمی گلێنەکە.

ئەو جۆرانەی تری خەتی کوفی کە لەو سەردەمەدا نموونەی تا ئێستا نەدۆزراوەتەوەو بەکارنەهاتووە بریتیە لە خەتی کوفی ئەندازەیی(کوفی هندســی): زیاتر ئەم شــێوازە بۆ ڕازاندنەوەی ڕووی بیناکان بەکاردێت، کە بریتیە لەنووسینی دەق بەشێوەیەکی چوارگۆشەیی یان لاکێشەیی کەلە پیتەکان ئەم شــێوە ئەنـدازەییـە دروســـت دەکرێـت(حبش، 1990،ل22). وە خـەتی کوفی کـەزی یـاخود گرێدراو(مضفور): بریتیە لەو جۆرەی خەتی کوفی کە پیتە وەستاوەکانی زیاتر درێژ دەبێتەوە و لێك دەئاڵێنرێت وەك (أ، ل، ط، ك)، مێژووی دەرکەوتنی دەگەڕێندرێتەوە بۆ ســەرەتای ســەدەی پێنجەمی کۆچی/دەیەمی زایینی. (flury, 1967, p1743) کە لەوانەیە پیتی دوو ووشــە یان زیاتر لەیەکتر بئاڵێنرێت بەجۆرێك کە خوێندنەوەی زۆر ئەستەمە. (جمعه، 1969، ل45.). یاخود نووسین بەخەتی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کوفی سادە لەسەر ڕووێکی داپۆشراو بەزەخرەفەی ڕووەکی یان لێواری پڕ کرابێتەوە بەزەخرەفەی ڕووەکی.

## 8- دەرئەنجامەکان:

1- سەردەمی عەبباسی سەردەمێکی دەوڵەمەند و پێشکەوتووی گلێنەسازی ونووسین بوو بەشێوەیەکی گشتی، وە لەو سەردەمەدا گلێنەسازان جۆری جیاوازی خەتیانبەکارهێنا بەتایبەتی خەتی کوفی بۆ ڕازاندنەوەی گلێنە.

2- خەتی کوفی داهێنانی شاری کوفە نیە بەڵکو ئەوان کەلە حیجازەوە ئەو جۆرەی نووسینیان پێگەیشت زیاتر گرنگیان پێدا بۆیە بەناوی کوفەوە ناسرا.

3- هەبوونی نووسین لەسەر هەر کەرەستە و کەل و پەلێك بێت بەدڵنیاییەوە لەبەر گرنگی و تایبەتی ئەو پارچەیەیە. وە یارمەتیدەرێکی گرنگی ناسینی سەردەمەکەیەتی.

4- مەبەستی گلێنەسازی مووسڵمان لەنووسینی دەق بەخەتی کوفی لەسەر ڕووی گلێنە سەرەتا بەخشینی جوانی و ڕازاندنەوەیە پاشان گەیاندنی پەیامی ناوەرۆکەکەیە. دەتوانریت ئەو خاڵە زیاتر لە نموونەی وەرگیراودا تێبینی بکەین، خودی گۆڕین و داهێنانی چەند شێوازێکی نووسین بە خەتی کوفی سەلماندنی ئەو روانگەیە.

5- ئەو جۆرانەی خەتی کوفی کە بەکارهاتوون لەسەر گلێنە بریتین لەخەتی کوفی سادە، سەرسێگۆشەیی، گەڵاداری سەرەتایی و پێشکەوتوو، گوڵدار لەسەردەمی عەبباسیدا.

6- لە توێژینەوەکەدا بۆمان دەرکەوت خەتی کوفی سادە زۆر کەم بەکارهاتووە لەسەر گلێنە هەرچەندە ئاسان بوو لەجێ بەجێ کردندا. بەڵام خەتی کوفی گەڵادار زۆرترین نموونەی جێبەجێکراوی هەیە لەسەر گلێنەکاندا لەسەردەمی عەبباسیدا.

7- خەتی کوفی گوڵدار بەهۆی قورسی لە جێ بەجێ کردندا نموونەی دەگمەنە لەو سەردەمە.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

8- دیاری کردنی دوو قۆناغی پێشـــکەوتنی کوفی گەڵدار کە ناومان ناوە گەڵداری ســـەرەتایی و گەڵداری پێشکەوتوو، لەسەر بنچینەی چۆنیەتی کێشانی ئەو زیادەیەی کەلە بەشی سەرەوەی پیتە ڕێکەکاندا هەن ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ دیاریکردنی قۆناغی پێشـــکەوتنی هەر جۆرێك لەو جۆرانەی خەتی کوفی.

9- دەقی نووسراوی سەر گلێنەکان لەڕووی جێبەجێ کردنەوە گلێنەساز نەیتوانیوە بەتەواوی پابەند بێت بەپێوانە و هاوشـــێوەیی لەپیتەکاندا و ئەوەشـــیان زۆر بەڕوونی دەردەکەوێت لەپیتەکانی دەقێکدا.

10-شـــێوازی گەشـــەســـەندنی پیتەکان بەپێی هێڵکاری لەخشـــتەیەکدا ڕوون کراوەتەوە بەپێی سەردەمەکەیان، بەجۆرێك خەتی کوفی سادە لەسەرەتای سەدەی (2ك/8ز)هەرچی خەتی کوفی سەر سێگۆشەیی بۆ کۆتایی (2ك/8ز)و سەرەتای سەدەی (3ك/9ز)دەگەڕێتەوە، پاشان کوفی گەڵدار لە (3ك/9ز) پێگەیشـــت و شـــێوەی تەواوی وەرگرت و ئنجا گوڵدار لە کۆتایی ســـەدەی (3ك/9ز)و سەرەتای (4ك/10ز) دەرکەوت.

11-لەم توێژینەوەدا دەردەکەوێت کەتەواوی گۆڕانکاری خەتی کوفی لەنێوان سەدەی دوو بۆ چواری کۆچی ئەنجام دراوە و هەر لەو کاتەشـــدا لەســـەر هەموو بوارەکاندا بەکارهاتووەو بڵاو بۆتەوە بەتەواوی جیهانی ئیسلامیدا، بەڵام گۆڕانکاریە نوێکان سەرەتا لەسەر بوارەکانی تردا جێ بەجێ کراوە و درەنگتر لەسەر گلێنەدا جێ بەجێ کردنی ئەو گۆڕانکاریەی نووسین دەبینرێت.

## 9-لیستی سەرچاوە ڕەسەنەکان:

1- قورئانی پیرۆز

2- إبن دريد الازدي، أبوبكر محمد بن الحسن(ت:321هـ) (1987). جمهرة اللغة، تحقيق، رمزي منير بعلبكي، دار الملايين، بيروت، ج1.

3- إبن سيدة، أبو الحسن علي بن إسماعيل(ت:458هـ) ( 1996). المخصص، تحقيق، خليل إبراهيم جفال، دار إحياء التراث العربي، بيروت، ج3.

4- القلقشندى، أبو العباس احمد بن على بن أحمد الفزارى (ت821هـ) (1963) .صبح الاعشى فى صناعة الانشاء، القاهره.

5- إبن منظور، أبو الفضل جمال الدين محمد بن مكرم(ت:711هـ) ( 1994). لسان العرب،ط3، دار صادر ،بيروت، مجلد4 .

6 -إبن النديم، أبو الفرج محمد بن إسحاق بن محمد الوراق البغدادى،(ت ٤٣٨ هـ) (1964). الفهرست، المطبعة الرحمانية، القاهره.

10-لیستی سەرچاوە نوێیەکان:

1- إسماعيل، محمد قادر(2022). گڵێنەی سەردەمی ئیسلامی لەپارێزگای هەولێرتوێژینەوەیەکی شیکاری هونەری (نموونەی هەڵبژێردراو)، تێزی دکتۆرا (بڵاو نەکراوە)، زانکۆی سەڵاحەدین، کۆلیژی ئاداب، شوێنەوار.

2- جمعه، ابراهيم (1969). دراسه فى تطور الخط الكوفية، دار الفكر العربى، القاهره.

3-الجبورى، محمود شاكر(1988). الخط العربى(قيم ومفاهيم) والزخرفه الاسلامية، دار الامل للنشر، بغداد.

4-الجبورى، كامل سلمان(1999). موسوعه الخط العربى، الخط الكوفى، تأريخه أنواعه تطوره ونماذجه ، دار ومكتبه الهلال، بيروت.

5-جبورى، كامل سلمان (2000). اصول الخط العربى، دار ومكتبه الهلال، بيروت.

6-حسن، زكى محمد(1938). فى الفنون الاسلاميه، مصر.

7-حسن قاسم حبش (1990). الخط العربى الكوفى، ط3، دارالقلم، بيروت.

8-حنش، ادهام محمد، (2014).خطوط المصــاحف اشــكاليات التعريف وحدود التصــنيف، المخطوط العربى بحوث ودراسات، معهد المخطوطاط العربية، الوعى الاسلامى، العدد79، كويت.

9-حسين، حسين ناصر (2002). فن أشغال الخزف والفخار،دار الإسراء للنشر والتوزيع،عمان.

10-حمود، حمزه(1981). التوريق والتزهير فى الخط الكوفى حتى منتصف الخامس الهجرى ,(رساله ماجستر ) قسم الاثار /كليه الاداب.

11- خضــر، ئاوات ابراهيم (2014). النصــوص الكتابية المدونة على الأبنية القائمة في بغداد من بداية القرن السادس الهجري ال نهاية القرن الثامن الهجري، رسالة ماجستير(غير منشورة)، جامعة صلاح الدين، اربيل.

12-خضـر، ئاوات ابراهيم (٢٠١٨). بەکارهێنانی زەخرەفەی نووسـین لەسـەر بینا لەناو شـاری هەولێردا بەپشـت بەســتن بەوەرگرتنی چەند نموونەیەک، دووەمین کۆنفرانســی زانســتی نێودەوڵەتی شــوێنەوارو کەلەپوری هەولێر، بەشیشوێنەواری کۆلیژی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر.

13- الشرعان، نايف بن عبدالله (2021). الخط العربى على النقود الاسلاميه، الرياض.

14- العبيدي، صـلاح حسـين(2003). الخط العربي ركن من أركان الحضـارة الاسـلامية، مجلة الأفاق الثقافية والتراث، دبي، الامارات العربية المتحدة، العدد43.

15-عبد العزيز، حميد صالح وأخرون(1990). الخط العربى، جامعة بغداد.

16- العلي، زكية عمر (1990). الخزف الإسلامى المحزز، أطروحة دكتوراه (غير منشورة)، كلية الاداب، جامعة بغداد.

17- الكردى، محمد طاهر(1939). تأريخ الخط العربى وأدابه، المطبعة الحديثة، القاهره.

18-کەریم، ڕزگار ( 2006). فەرهەنگی دەریا، چاپخانەی مەهارەت،إيران.

19-مرزوق، محمد عبدالعزيز (1964). فخار العراق وخزفه في العصر الإسلامى،مجلة سومر، ج1-2، مجلد20، دار الجمهورية، بغداد.

20- المالکی، فوزيه مهدى(2008). الخزف ذو البريق المعدنى حتى نهايه القرن الرابع الهجرى، بغداد.

21- المصرف، ناجى زين الدين(1980). مصور الخط العربى، ط3، دار القلم، بيروت.

**22**- Adolf Grohmann, (1957) , The Origin and Early Development of Floriated Kūfic, Ars Orientalis, Vol. 2, Published By: The Smithsonian Institution, University of Michigan.

**23-** Ernst J. Grube, (1965), The Art of Islamic Pottery New Series, Vol. 23, No. 6, Islamic Art, The Metropolitan Museum of Art.
**24**- Flury, Samuel, (1967), Ornamental kufic inscription on pottery, a Survey of Persian, Art, Vol.2, London-New York: Oxford University.
**25**-Lane, Arthur,( 1965) , Early Islamic Pottery. Mesopotamia, Egypt and Persia, London Faber and Faber FIFTH IMPRESSION,
**26-** Fehervari ,Geza ,(1998) ,Pottery of the Islamic World: In the Tareq Rajab Museum,. A good representative collection, with many outstanding pieces, well illustrated
**27-** https://www.brooklynmuseum.org/opencollection/objects/125954
**28**- https://www.alamy.com/bowl-9th-century-iraq-asian-civilizations-museum-singapore-image255560833.html?imageid=CA10A127-36AD-4A70-B344-C82C4B3E7887&p=19610&pn=1&searchId=ec304a4d1efa2a1505fcd04eae7e2605&searchtype=0

---

# The appearance and development of Kufic script on Islamic pottery in the Abbasid era (Analytical study)

**Awat Ibrahim Khudur**
Department of Archaeology, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Email: Awat.khudur@su.edu.krd

**Mohammed Qadir Ismail**
Department of Archaeology, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Email: mohammed.ismail@su.edu.krd

***keywords:*** *Kufic calligraphy, pottery, simple Kufic calligraphy, Kufic calligraphy with triangular arrows, leafy Kufic calligraphy*

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## Abstract

This research is titled (The emergence and development of Kufic script on Islamic pottery in the Abbasid era. In it, we briefly discussed the types of writing and calligraphy in the early Islamic era and pointed out the source of the formation of two main styles of Kufic script. The first script is a dry script and the other is a soft script. Then we focused on the history of the appearance of the Kufic script. And linking it to the city of Kufa, and correcting the error about the origin of the script mentioned by some researchers, and the history of the emergence of the Kufic script and its causes. One of the most important achievements of the research is determining the stage of the Kufic script with triangular hampers and distinguishing it from the simple Kufic script, which researchers often make mistakes in defining, as well as determining the stage of the Kufic script. Al-Mawriq was divided into two stages, initial and advanced, to resolve the confusion that might arise from the introduction of early Al-Mawriq Kufic in the form of Kufic with triangular or simple hams, or whatever name it was. we also completed a table to layout all the letters found within the sample texts found in our study, and conducting this research was to fill the need of specialists and scholars in this field, especially Kufic writing on ceramics, and to identify the types of calligraphy and the time of appearance of each type and its types. which for the first time conducts a study in the Kurdish language in this field.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ظهور وتطور الخط الكوفى على الفخار الإسلامى في العصر العباسى (دراسة تحليلة)

**الملخص:**
يحمل هذا البحث عنوان (ظهور وتطور الخط الكوفى على الفخار الإسلامى في العصر العباسى) ويهدف البحث الى أنواع الكتابة والخط في العصر الإسلامي المبكر وقد اشر هذا البحث الى مصدر تكوين نمطين رئيسيين للخط الكوفي. الخط الأول خط جاف والآخر خط ناعم. ثم ركز على تاريخ ظهور الخط الكوفي، وربطه بمدينة الكوفة، وتصحيح الخطأ حول أصل الخط الذي ذكره بعض الباحثين، وتاريخ ظهور الخط الكوفي وأسبابه. ومن أهم إنجازات البحث تحديد مرحلة الخط الكوفي ذو الهامات المثلثة وتمييزه عن الخط الكوفي البسيط الذي كثيرا ما يخطئ الباحثون في تحديده، فضلا عن تحديد مرحلة الكوفي المورق إلى مرحلتين أولية ومتقدمة لحل الالتباس الذي قد ينشأ عن إدخال الكوفي المورق المبكرة على شكل الكوفي ذو الهامات المثلثة أو البسيطة أو أي اسم كان. كما أنجز البحث جدول لتخطيط جميع الحروف الموجودة ضمن نصوص نماذج الموجودة في دراستنا، واجراء هذا البحث كان لسد الحاجة لدى المختصين والدارسين في ذلك المجال، وخاصة الكتابة الكوفية على الخزف والتعرف على أنواع الخط وزمن ظهور كل نوع وأصنافه، والتي تجري لأول مرة دراسة باللغة الكوردية في ذلك المجال.